


**Grillparzer, Franz**
**Gedicht**

**فرانس گریلپارتسەر**
**شیعر**

**Trost**

Wenn dich Glück und Freunde fliehen,
Sei du nicht zu tief besorgt,
Wie besitzen nur geliehen,
Ist verloren nur geborgt.

So an trüben Herbstestagen,
Wenn erlosch des Jahres Glanz,
Schau im Wind die Blätter jagen,
Ein entfleischter Totentanz.

Aber kaum der Lenz erschienen,
Zahlt ein Erbe, lusterstarkt,
Er mit barem blanken Grünen,
Was der Vorfahr abgekargt.

Hold von neuem sind die Götter,
Übrall Wonne, Lust und Licht.
Neue Freuden, neue Blätter.
– Freilich nur dieselben nicht.

دڵخۆشیی دانەوە

گەر بەختەوەریی و هاوڕێ جێیانهێشتیت
زۆر خەمبار مەبە ،
ئەوەی بە هی خۆمانی ئەزانین تا سەر نییە ،
وەك خواستراوە .
لەدەستدانی چوون قەرزێکە کە داومانەتە دوواوە .

کە لە ڕۆژانی مژاویی پایزدا
پرشنگی ڕووناکیی ساڵ کووژاوە ،
بڕوانە چۆن گەڵای خەزان
لە دیلانی مەرگدان بەدەست زریان و ڕەشەباوە .

بەڵام هەر کە بەهار دەرکەوت ،
یەك نەوەی نوێ بە جۆش و خرۆشەوە ،
بە سەوزایی بەنرخ و گەش ، تۆڵەی ئەوە ئەکاتەوە
کە پێشینان لە دەستیان داوە .

سوپاس بۆ خواوەندەکان لە نوێوە ،
لە هەموو شوێن شادییە ، ئارەزووە و ڕووناکییە ،
خۆشیی نوێیە ، گەڵای نوێیە .
بەڵام ئەوەی جاران نییە ، کە نەماوە .

Wer ist **Grillparzer, Franz**?

*Franz Grillparzer war ein österreichischer Schriftsteller, der am 15. Januar 1791 in Wien geboren wurde und starb am 21. Januar 1872 in Wien.*

**فرانس گریلپارتسەر کێیە**

**شاعیر و نوسەرێکی نەمسایيە ، لە ڕۆژی پانزەی مانگی جەنیوەری ساڵی ١٧٩١ لە شاری ڤییێنا لەدایك بووە و ، هەر لەو شارە لە ڕۆژی ٢١ مانگی جەنیوەری ساڵی ١٨٧٢ کۆچی دووایی کردووە .**

وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە : عەبدوڵا چوارتایی